# سامان کەریم بەرپرسی حیزب لە کوردستان

# لە گفتوگۆیەکدا سەبارەت بە یەکی ئایار ڕۆژی جیهانیی کرێکار لە کوردستان

ئۆکتۆبەر: کرێکارانی کوردستان هەموو ساڵێك یەکی ئایار وەك ڕۆژێك بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیو خستنە ڕووی داخوازییەکان بەدەستەوە دەگرن، بەرای ئێوە تایبەتمەندی ئایاری ئەمساڵ چییە وبەچی دەناسرێتەوە؟

سامان کەریم: سەرەتا بە ناوی خۆمو ڕێکخراوی کوردستانەوە، پیرۆزبایی لە تەواوی کرێکارانی جیهانو کوردستان دەکەم بە بۆنەی جەژنی جیهانیانەوەو بەهیوای ئەوەی ئەمساڵ یەکی ئایار بەشێوەیەك ڕیز لێبگرین کە شایستەی جێگاو ڕێگای کرێکاران بێت لە کوردستان. تایبەتمەندی یەکی ئایاری ئەمساڵ پێویستە لە هەناوی هەلومەرجی سیاسی ئەمڕۆی عێراقو کوردستاندا لێك بدرێتەوە. هەلومەرجێکی سیاسی کە تەوەرە سەرەکیەکانی پرۆسێسی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کاتی قەومی ئیسلامیەیە لە سایەی داگیرکاری ئەمەریکاو، بە بناغەی دەستوریکی کاتی قەومی ئیسلامیەیەوە. ئەم مەسەلەیە بۆ کرێکارانی کوردستان دوو لایەنی سەرەکی هەیە، یەکێکیان/ مەسەلەی خەڵکی کوردستانو "کێشەی کورد"و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەیە، دووەمیان/ جێگاو ڕێگای کرێکارە لە دەستوری داهاتوی عێراقدا، کە هەر ئێستا تەواوی باڵی ڕاستی کۆمەڵگا بەهاوپشتی ئەمەریکا خەریکی دارشتنین. کرێکاران لەکوردستان پێویستیان بەوەهەیە کە وەلامی دەست بەجێ بەهەردوو مەسەلەکە بدەنەوە، خواستی خەڵکی کوردستان چییە سەبارەت بەوەی کە ناسیونالیزمی کورد لەسایەی سیاسەتو داگیرکاری ئەمەریکاو بەپێی نەخشەی سیاسی ئەو کوردستانی ئیلحاقکردەوە بە عێراقەوە ، لەم بارەوە بە بروای من پێویستە ئەوە ڕۆشن بێت کە ڕێگای دروست جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی نا قەومیو نا دینییە، چونکە لەسایەی دەولەتو حکومەتێکی قەومیو ئیسلامی لە بەغدا، خەڵکی کوردستان ناتوانن زامنی ژیانێکی ئاسودەو بێدەردی سەر بکەنو بێخەم دابنیشنو ترسی دوبارە نەبونەوەی کارەساتەکانی زەمانی حکومەتی بەعسیان نەبێت. لە پەیوەند بە تەوەرەی دوەمەوە پێویستە کرێکاران وەك هێزێکی ئەسڵی کۆمەڵگای کوردستان، دەستوری خۆیان بۆ کوردستان وە بۆ سەرتاسەری عێراق پێش کەش بکەن، سەبارەت بە مافە سیاسیو مەدەنیەکانی خەڵك وە سەبارەت بە قانون کارێکی پێشڕەو کە تیایدا لایەنی کەم، مافی ئازادی خۆپیشاندانو مانگرتنو پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەریەکانی کرێکار لە سەندیکاو شورا بە شێوەیەکی یاسایی بناسێنێت. لە تەوەرەی یەکەمدا کرێکار وەك خاوەنی کۆمەڵگا دەردەکەوێتو لە تەوەرەی دووەمدا وەك چینێك خۆی نیشان دەدات. ئەگەر ئەمە تایبەتمەندییەکانی یەکی ئایاری ئەمساڵ بێت، ئەوا کرێکاران بە جیا لەوانە خواستو داواکاری تایبەت بە خۆیان هەیە.

ئۆکتۆبەر: کەوایە، سەرەکی ترین داخوازییەکانی ئایاری ئەمساڵی کرێکارانی کوردستان چییە لەبەرانبەر دەسەلاتداراندا؟

سامان کەریم: خواستی سەرەکی کرێکاران وەك چینی پێشڕەوی کۆمەل، "جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی نا دینی نا قەومی"و لە هەمانکاتدا خواستی یاسایی کردنی "قانون کارێکی پێشڕەوو هاوچەرخە" بەلاّم بەجیا لەم خواستە سەرەکیانەو سەرباری باشبوونی نیسبی کرێو گوزەرانی کرێکارانو کەمبوونەوەی بێکاری کرێکارانی کوردستان لە یەکی ئایاری ئەمساڵدا داواکاریو خواستەکانی خۆیان لەپەیوەند، بە زیاد بونی کرێ و دیاریکردنی لایەنی کەمی کرێ بە ڕێژەی 375000سێسەدو هەفتاو پێنج هەزار دینار، ئازادی ڕێکخراوبونو مانگرتنو خۆپیشاندان، وە دابەشکردنی پارچە زەوی گونجاو بۆ هەموو کرێکارانی بەشی دەوڵەتیو کەرتی تایبەتیو دابینکردنی مەوادی خانوبەرە بۆیان بە نرخێکی گونجاو، خواستو داوکاری ئەوانە. هەروەها هەندێ داواکاریو خواستی تری لەچەشنی زەمانەتی بیکاریو تەقاعودی کە لە ئێستادا بەشێکی زۆری کرێکارانی کوردستان دەگرێتەوە، بۆنمونە کرێکارانی ڕێکخراوە مین هەڵگرەکان بە سەدەها کەسیان لێ دەردەکرێت بەبێ ئەوەی هیچ زەمانێکیان هەبیت، یان کۆمپانیا ئەهلیەکانو بیانیەکان کە ئێستا لەکوردستاندا کاردەکەن. جگە لەو خواستانە کە ڕاستەوخۆ بە باشترکردنی هەلومەرجی ژیانو گوزەرانو خەباتی کرێکاران خۆیان پەیوەندی هەیە، بەبروای من کرێکاران لەمرۆژەدا پێویستە ڕۆڵی ڕابەریو پێشڕەوی خۆیان بۆ کۆمەڵگای کوردستان نیشان بدەن، پشتیوانی خۆیان لە بزوتنەوەی خوێندکارانو گۆڕینی سیستەمی خوێندن بۆ سیستەمێکی زانستیو پێشکەوتوو بەرزبکەنەوەو بیکەنە خواستێکی خۆیان هەروەها لە پەیوەند بە مامۆستایانو فیتەرو وئاسنگەرەکان بەهەمان شێوە ئەمە جگە لە خواستە مەدەنیو فەردییەکان وەکو یەکسانی ژنو پیاوو... لێرەدا پێویستە ئاماژە بە زوعفی سەرەکی بزوتنەوەی کرێکاری بکەم لە کوردستان ئەویش نەبونی ڕێکخراوە جەماوەریەکانی خۆیانە لە ئاستی سەراسەری کوردستانو نیوخۆیی هەر کارگەو دامەزراوێکدا، بە تایبەت کە ئێستا یەکێتی گشتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان لە ئاستی عێراقدا پێکهاتوەو خاوەنی چەندین لقی جۆراوجۆرە لە شارەکانی ناوەراستو باشوردا، کە بونی ئەم یەکێتیە ڕێگای ڕێکخراوبونی کرێکارانی لەکوردستان ئاسانتر کردۆتەوە. پێم وابیت ئەمانە سەرەکیترین ئەو خواستو داوکاریانەن کە پێویستە لە یەکی ئایاری ئەمساڵدا لە لایەن کرێکارانی بەشە جۆراوجۆرەکانەوە بەرزبکرێتەوە، وە دەبێ ئەم ڕۆژە بکەنە سەرەتای دەورەیەکی تازە لە خەباتیان لە پێناو بەدیهێنانی ئەم خواستانەدا. لایەنێکی تر دروشمەکانی ئەم ڕۆژەیە کە سەرەکیترینیان ئەمانەن" نا بۆ داگیرکاری، نا بۆ ئیسلامی سیاسی"و " بەلێ بۆ دەوڵەتێکی سکولارو ناقەومی لە عێراقدا" و " بەلێ بۆ سەربەخۆیی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سکولارو ناقەومی"و " نا بۆ دەوڵەتی قەومی ئیسلامی کاتی".

ئۆکتۆبەر: ئەمساڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بۆ پێشوازی لە یەکی ئایارو بەشداری لە چالاکیە کرێکاریەکاندا چ نەخشەیەکی هەیە؟ وە قسەی ئێوە چییە بۆ کرێکاران لە ناوەندەکانی کاردا بۆ بەشدارییان لە یەکی ئایاردا؟

سامان کەریم: ئێمە وەك حیزب بەشێکین لە کۆمیتەیەکی فراوانتر بە نێوی کۆمیتەی بەرپاکردنی یەکی ئایارەوە، نەخشەی ئێمە لەو چوارچێوەیەدا دەچێتە پێشەوە، کە لە ئاستێکدا ڕووی لەوەیە کە لە ڕۆژی یەکی ئایاردا لە مەراسیمێکی سەرتاسەریدا لە ئاستی شارەکانی هەولێرو سلێمانیو کەرکوك‌و ڕانیەدا، ڕیز لەم ڕۆژە بگرین، وە لە لایەکی ترەوە لەئاستی گەرەك‌و کارگەو دامەزراوەکاندا، بەشێوەی جۆراوجۆر ڕیز لەم ڕۆژە بگرین چ لە ڕۆژی یەکی ئایاردا بێت یان ڕۆژەکانی پێشتری. هەروەها ئێمە بەم بۆنەوە پێشانگایەکی هونەری کاریکاتێری‌و فۆتۆگرافی دەکەینەوە لە پێش یەکی ئایارداو هەروەها پێشبرکێیەکی ماراسونی ڕێکدەخەین لەشاری سلێمانی. ئەمە بەجیا لە ڕازاندنەوەی فەزای شارەکان بەشێوەیەك کە دیمەنی شارەکان ئارایشتی یەکی ئایار بەخۆیەوە بگرێت. جگەلەوەی کە ئێمە هەوڵ دەدەین کە کرێکارانی ناوەندە جیاوازەکان بەشدار بن لە مەراسیمی سەرتاسەریی هەر شارێکدا، لە هەوڵی ئەوەشدا هەین کە کرێکارانی ناوەندەکانی کار لەشوێنەکانی خۆیان دوو ڕۆژ پێش یەکی ئایار ڕیز لەم ڕۆژە چینایەتیەی خۆیان بگرن بە هەرشێوەیەك کە بۆیان دەگونجێت، ئەمە بەجیا لەوەی کە لەم بارەوە هەندێك ئیبتکاراتی جۆراو جۆر لە بەردەمدایە لە پەیوەند بە بەخشینەوەی شیرینی‌و سەردانی ناوەندەکانی کار بەم بۆنەیەوە.